www.kurdistannet.org
16:15 10-11-2005بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گێره شێوێنی لاوان، یا قه یرانی فرانکۆ-فۆن... شه یدا بلّباس



به چوونه ناو هه فته ی سێیه م، کێشه ی سووتان و ڕکه به رایه تی لاوه فرانکۆ-فۆنه کان، به ردوامی هه یه و په لو پۆشی شاروشارۆچکه کانی ده ورو‌به ری پاریسی گرته وه. ئیمڕۆ به هۆی سووتانی چه ند ئوتۆمۆبیلێک له ئه لمانیا؛ ئه لمانیاشی خسته دلّه خورپه ی ئه وه ی که دوورنییه ڕووداوه کانی فه ره نسا، له ئه لّمانیاش دووباره بێته وه.

فه ره نسای وولاّتی عێشق و گولّی سه ربه ستی و زمانی بولبولی جیهان، به بانگی ئازادی وکراسی دیموکراسی و سۆشیالیستی مامناوه ندی، خۆی له به ر ده رگای قه یرانێکی ناکامانه دا ڕوو به ڕوو ده بێته وه.. که سه رسوڕمانی حکومڕانه که ی، جێگه به ده ره. هه رچه نده توندو تیژی ڕاو و لێدان وگیران، تا کوشتنیش ده ستی لێنه پارێزراوه؛ له لایه ن دام و ده زگای پۆلیس و پاراستنی وولاّته وه! هۆکه شی به ته نیا ناگه ڕێته وه بۆ هۆکارێکی سه ره کی و به س؛ به لّکو کۆمه لّێک هۆبه ند له پشت په رده ی سیناریۆکه خۆی ده گنخێنێت.

که ده گه یته نێو فرۆکه خانه ی نێوده ولّه تی پاریس، تابلۆیه کی قه به ت له به رده م قووت ده بێته وه [ هه ر ئاکارێکی ناشیرن له م وولاّته به رچاو که وت، له خه لّکی فه ره نسی مه گره..! چۆن بیانی زۆر تێدایه.] به لّێ.. وولاّتی" هۆگۆ، مۆلیر، ڕۆسۆ، کامۆ، فۆکۆ" ئه مڕۆ له قه یرانێکی ئه وتۆ په له قاژێیه تی؛ که ئه گه ر چاره سه رێکی پڕ به پێستی بۆ مه یسه ر نه کرێت، له وانه بێت مه ترسی بۆ سه رکیانی سیاسی فه ره نسی دروست بکاو ڕاپێچی هه لّبژاردنێکی نوێیان بۆ بێنێته ئاراوه.

لێره دا ئه گه ری چه ند خالّێکی سه ره کی ده خه ینه به ر نه شته ری ڕۆشنایی:

1- کێشه ی ئابووری له گه لّ ئه مریکا و ڕاکێشانی یه کێتی ئه وروپا بۆ ناو مه یدان.
2- دانپێدانانی جێنۆسایدی ئه رمه ن و به ربه ستی له وه رگیرانی تورکیا له یه کێتی ئه وروپی.
3- به پالّپشتی ئه مریکا بۆ ئیسرائیل-زمانلووسی بۆ هه لّوێست وه رگرتن له به رژه وه ندی فه له ستین.
4- دژایه تی ڕچه لّه کی ئایینی، به لابردنی سه ر پۆشی ئافره ت له دام و ده زگا فه رمی و قوتابخانه.
5- داپلۆسانی کۆچه ر به گشتی و دژایه تی فرانکۆ-فۆنه کان که هاولاّتی به ره گه ز ڕۆژئاوای-باکوری ئه فریقان و زۆبه یان موسولّمانن به تایبه تی.
6- قه واره ی که مپی بێکاری که له سه دا په نجا تێپه ڕیوه. شالاّوی کۆره وی بلۆکی سۆشیالیستی ڕوخاو به ره و ئه لّمانیاو فه ره نسا، به لاّم ئه لّمانیا به هۆی یه

کگرتنه وه ی ڕۆژهه ڵاتی، پرۆژه ی زۆری بۆ دووباره سازدانه وه ی هاوکێشه ی هاوئاستی وولاته که ی، مه ترسی ئه و قه یرانه ی لێناکه وێت.

جاکێ نالێت ئه مریکا به هۆی بزواندنی هه ندێک له گروپه ئیسلامیه کانه وه" لاوانی له دایکبووی فه ره نسا" ئاگره که زێتر خۆش ناکات! دیاره که دووکه ڵ بێ ئاگر نابێ"؛ کۆنده لیزارایس به ڕاشکاوی باسی پێشێلکردنی مافی ئایینی له وولاتان ده کا؛ وه ک ئاماژه. یا رێکخراوه ئیسلامیه کان شێوازی خه باتیان گۆڕیبێت بۆ ئاسته نگی وتێکدانی سیسته م، هه ڵگێڕانه وه ی درۆزله کانی به ناو ئاشتی و یه کسانی و مافی مرۆڤایه تی و ئازادی. له لایه کی تریشه وه به ده ردی عه ره ب گۆته نی{ کله یهود}یش به دوور مه زانه، له م کایه سیاسیه دا!

ئیتر بۆ فه ره نسا به سه و به وه گه یوه که ناوی گێره شێوێنی لاوان به لاوه کی له سه ر په رده ی ئه و سیناریۆیه لابدا .. چۆن قه یرانه که له سووتانی ماشێنه وه گه یشته بازار.. به هیوای چاره یێکی ژیربێژانه بۆ ژیوارکردنه وه ی دۆخه که بدۆزێته وه و ده له به ربه چدانه وه ی توندوتیژی بهێنێت.. نه شیش بسووتێ، نه که باب.

ئۆتاوا- که نه دا 7، 11،